# هەواڵنامەی مرۆیی عێراق

لە ١٠ی کانوونی یەکەم دەرچووە | تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## لەم راپۆرتەدا


لاپەرە١.هاووڵاتیان لە ناو موسڵ لەوپەڕی مەترسیدان.

لاپەرە ٢. نەبوونی ئەمن و ئاسایش بەردەوامی هەیە لە حەوێجە.

لاپەرە ٣.زیادبوونێکی کەم هەیە لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ فەلوجە.

لاپەرە ٤. کارە لەپێشینەکانی پاڵپشتی کردنی دارایی چاویان پێداخشێنداراوەتەوە.


## هەواڵە سەرەکییەکان

- ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی موسڵ پێدەنێتە مانگی دووەم؛ بەردەوامی جەنگ ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵایان دەکاتە قوربانی.
- هاوکارانی کاروباری مرۆیی لەهەر شوێنێک دەستگەیشتن رێگە بدات هاوکاری دابین دەکەن.
- هاوکاری مرۆیی بە باشی پاڵپشتی دارایی کراوو کاریگەر گرنگ دەبێت کاتێک قەیرانەکە قوڵتر دەبێتەوە؛ هاوکارانی مرۆیی چاوپیاخشاندنەوە دەکەن بۆ کارە لەپێشینەکانی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ ساڵی داهاتوو.

## ژمارەکان

| | |
|---|---|
| 10ملیۆن | ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە |
| 7.3ملیۆن | لەوکەسانەی کە کراونەتە ئامانج بۆ هاوکاری کردنیان |
| 3.1ملیۆن | بریتین لە ئاوارە ناوخۆییەکان |
| 2,8ملیۆن | ئەو ئاوارانەی لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن |
| 3.2ملیۆن | ئەوکەسانەی لە کۆمەڵگا خانەخوێکان ژیانیان بەرکەوتووە |
| ملیۆن 1,2 | ئاوارە گەڕاوەکان |
| ملیۆن 0.23 | پەنابەرە سوریەکان |

سەرچاوە: پلانی بەهاناوەهاتنی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٦/تێڕوانینی پێویستیە مرۆییەکان/تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی

## پلانی بەهاناوەهاتنی مرۆیی پاڵپشتی کردنی دارایی

**861 ملیۆن** (US$)

پێویستە بۆ ساڵی ٢٠١٦

**80%** ($688 ملیۆن)

وەرگیراوە(رەنگدانەوەی پاڵپشتی کردنی دارایی لەسەر خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی هەر وەک لە رۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦)

سەرچاوە:



ئەو کەسانەی کە لە باشوری موسڵ ئاوارەبوون دەگەنە گەیارە، لەو شوێنەی کە بیرە سووتاوەکانی نەوت ناوچەکەی بە دوکەڵێکی رەش داپۆشیوە. سەرچاوە: رێکخراوی UNHCR/ لەلایەن ئیڤۆر پریکێت

# نزیکەی 90,000 کەس لە موسڵەوە رایانکردووە

هاووڵاتیان ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە بەهۆی بەردەوامی جەنگ لە کاتێکدا قەیرانەکە قووڵتر دەبێتەوە.

ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە دژی داعش لە ساڵی **2016** چڕبۆتەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵ و ئازارچەشتنی مرۆیی. لەم ساڵ، زیاتر لە **620,000** کەس لەسەرانسەری عێراق تازە ئاوارەبوون؛ زیاتر لە **270,000** کەس لە ئاوارەیی دەمێننەوە بە درێژایی رێگای موسڵ لەو شوێنەی کە شەڕ چڕبۆتەوە لە مانگەکانی رابردوودا.




ئاوارەبوون بە درێژایی رێگای موسڵ. سەرچاوە: دەسەڵاتداران و هاوکارانی کاروباری مرۆیی. ژمارەکانی ئاوارەبوونی سەر بە رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی

هێرشی سەربازی بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش پێ دەنێتە مانگی دووەمی و قەیرانەکە بەردەوام لە گەشەسەندن دایە و بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا ئاوارەبوونی ناوخۆیی بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی **90,000** کەس. لەگەڵ جولانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ ناو قوڵایی شارەکە، شەڕکردن لە ناو جەرگەی بەشەکانی دانیشتوانی موسڵ لەوانەیە ببێتە هۆی قەبارەیەکی گەورەی ئاوارەبوون.

خەڵکی کە لە ململانێیەکە رادەکەن دووچاری مەترسیەکان دەبنەوە و هاووڵاتیان لەوپەڕی مەترسیدان لە کردنە ئامانجیان، کەوتنە بەر تەقەکردن، گیرخواردن لە نێوان بەرەکانی ملمانێ، یان وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێندراون. درێژبوونەوەی شەڕ بۆ شارەکە ئەگەری هەیە، کە هەرەشەی برسیبوون و بێ بەشبوون و نەبوونی هاوکاری پزیشکی و پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە. لەوتەی شەڕەکە گەیشتۆتە دەوروبەری شاری موسڵ، رێژەی قوربانیەکانی راتەکانی دەروونی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم زیادبوونێکی هاووڵاتیانی بەخۆیەوە بینی کە لەلایەن قەنناس بەدەستەکانەوە کرابوونە ئامانج یان کەوتبوونە بەر مینەکان، بۆمبارانەکان و گولە تۆپەکان کاتێک لە شاری موسڵ رادەکەن. لە نێوان **17**ی تشرینی یەکەم و **6** کانوونی یەکەم، نزیکەی **1,450** کەس کە دەکاتە (**3** لەسەدا رەگەزی مێ و **7** لەسەدا منداڵانی خوار تەمەنی **15** ساڵی) رەوانەی هەولێر کرابوون بۆ چاودێری راتەکانی دەروونی بە گوێرەی راپۆرتی هاوکارانی تەندروستی ناوخۆیی.

ئافرەتان و منداڵان لە نێوان ئەو کەسانەن کە پێویستیان بە سەقامگیرکردنی پزیشکی و گواستنەوەیە بۆ ئەنجام دانی نەشتەرگەری بۆ برینەکانیان بەهۆی کەوتنە بەر تەقەکردن بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان. سەنتەرەکانی ڕاتەکانی دەروونی ئێستا لە موسڵ زۆر قەرەباڵغن بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی قوربانیان. دەسەڵاتداران و هاوکارانی کاروباری تەندروستی کاردەکەن بۆ جولەپێکردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ نزیك لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ تاکو فریاگوزاری پزیشکی ڕزگارکردنی ژیان بتوانێت بەبێ دواکەوتن بەڕێوەببردرێت؛ دوو سەنتەری تازەی ڕاتەکانی دەروونی لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەرگاکانیان کراونەتەوە لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم و دوو سەنتەری تری سەقامگیرکردن دادەمەزرێن.

ئەو کەسانەی کە لەو شوێنە نیشتەجێ دەبن ئەوانیش دووچاری هەڵبژاردە ئەستەمەکان دەبنەوە. خەڵك ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە کە کۆمەکیە سەرەکیەکانیان پێ نامێنێت یان ناچار کراون تاکو ڕابکەن بۆ ڕزگاربوون و گەڕان بە دوای کۆمەکیە سنوردارەکانی خۆراك و ئاو و چاودێری پزیشکی. دابەشکردنەکانی خۆراك لەلایەن حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی هاوکاری هاووڵاتیە زیان پێگەیشتووەکان دەکەن، و هەوڵەکان لە ڕێگادان بۆ چاکردنەوەی وێستگەی ئاو لە سەلامیەی تازە ئازادکراو، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، کە ئەمەش ئاوی خواردنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی موسڵ خەزن دەکات.

لە خراپترین سیناریۆدا، **1.2** – **1.5**ملیۆن کەس لەوانەیە زیانیان پێبگات بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی، لەوانە ئەگەری کەوتنەوەی قوربانیەکان بە قەبارەیەکی گەورە. لە خراپترین سیناریۆدا، **1** ملیۆن کەس لەوانەیە هەوڵی ڕاکردن بدەن لە شارەکە بۆ گەیشتن بە شوێنێکی ئارام و **700,000** کەسیش پێویستیان بە پەناگەی تەنگەتاویە. بە زانینی ئەوەی کە هاووڵاتیان لەوپەڕی مەترسیدا دەبن، دەقێکی مرۆیی ئۆپەڕاسیۆنەکان پەرەی پێدراوە و گەیشتۆتە ئەوەی کە پاراستنی هاووڵاتیان دەخاتە سەنتەری ستراتیجی سەربازی.

## ئیش کردن خێرادەبێت بۆ بەهێزکردنی توانای پەناگە بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەکان

هەوڵە جەخت لەسەرکراوەکان بۆ ئامادەکاری نیشتەجێکردنی ئەو خێزانانەی کە ڕایان کردووە دڵنیایی ئەوەی داوە کە نزیکەی **80** لەسەدای ئەو کەسانەی کە ئێستا ئاوارەبوون شوێنی پەناگەیان لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دۆزیوەتەوە. ئەو کەسانەی کە دەمێننەوە مانەوەیان هەڵبژاردووە لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان. تاکو ئێستا ژمارەی شوێنەکانی خێوەتگەی نافەرمی لەو خێراییەی دەمێنێتەوە لەگەڵ تێکڕای ئاوارەبوونەکان؛ لە ئێستادا توانای خێوەتگە دەگاتە **6,600** شوێنی ڕەشماڵی خێزانی لە بەردەستدان لە ناو پێنج خێوەتگە، کە لەوانەیە ئەمڕۆ نزیکەی **40,000** کەس نیشتەجێ بکات، و کار بەردەوامی هەیە بۆ زیاد کردنی شوێنەکان بۆ **446,000** کەسی تر. بۆ ڕۆژهەڵاتی موسڵ، خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر و قەیماوە گەیشتوونەتە توانای تەواوی خۆیان.




سەرچاوە: دەسەڵاتداران و هاوکارانی مرۆیی. یەك شوێنی ڕەشماڵی خێزانی پلانی بۆ دانراوە بۆ شەش کەس.

## هاوکارانی کاروباری مرۆیی هاوکاری لەهەر شوێنێك ڕێگەی پێبدرێت دابینی دەکەن

کاروانەکانی دەستگەیشتن بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان ڕێگا خۆشدەکەن بۆ دابەشکردنەکانی هێڵی کۆمەکی سەرەکی. زیاتر لە 239,000 کەسی زیان بەرکەوتوو دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی کە تیایدا لەوانە خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی لە ماوەی 48 کاتژمێری ئەو ناوچانەی کە ئازادکراونەتەوە لەوەتەی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان دەستیان پێکردووە. پێویستیە مرۆییەکان زۆر لە بارێکی خراپدان لە نێوان خێزانە ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان، هاووڵاتیانی زیان بەرکەوتووی کۆمەڵگا ئازادکراوەکان، و خەڵکی بەهۆی چڕبوونەوەی شەڕەکەوە لە ناو شاری موسڵ ڕادەکەن. بەهاناوەچوونەکە گونجێندراوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستە جۆراوجۆرەکانی هەر تاکێك و گرووپی زیان بەرکەوتوو. تاکو ئەمڕۆ، نزیکەی 224,000 کەس خۆراکیان وەرگرتووە کە بەشی یەك مانگ دەکات؛



بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی لە گەیارە. سەرچاوە: ئۆچا/ لەلایەن تیمبە لیندنن

## گرووپەکان

| سەرکردایەتی یان سەرکردایەتی هاوبەشی ڕێکخراوەکان | گرووپەکان |
| --- | --- |
| ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی | هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە |
| یونیسێف<br>منداڵان بپارێزن | پەروەردە |
| ڕێکخراوی پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان<br>ئەنجومەنی پەنابەری دانیمارکی | ژیان و گوزەرانی تەنگەتاوی – یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی |
| پرۆگرامی خۆراکی جیهانی | گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان |
| پرۆگرامی خۆراکی جیهانی/ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ | ئەمن و ئاسایشی خۆراك |
| ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی<br>IMC | تەندروستی |
| پرۆگرامی خۆراکی جیهانی | کەل و پەلەکان |
| UNHCR<br>DRC<br>UNICEF<br>Save the Children<br>سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان<br>IMC<br>UNMAS<br>MAG<br>UNHABITAT بۆ داهاتوویەکی باشتر<br>ئەنجومەنی پەنابەری نەرویجی | پاراستن<br>پاراستنی منداڵان<br>توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی<br>- کاری هەڵگرتنەوەی مین<br>- نیشتەجێبوون و زەوی و موڵك |
| ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران<br>NRC | - پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان |
| یونیسێف<br>ACF | - ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی |
| ئۆچا<br>NCCI | - هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان |
| ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران<br>Mercy Corps | - پارەی کاش بۆ فرە مەبەست |
| یونیسێف<br>پرۆگرامی خۆراکی جیهانی | میکانیزمی بەهاناوەهاتنی بەپەلە |

*زیاتر لە 239,000 کەسی زیان بەرکەوتوو دەستیان پێگەێندراوە بە پێدانی پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی کە تیایدا لەوانە خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری ئەو ناوچانەی کە ئازادکراونەتەوە لەوەتەی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان دەستیان پێکردووە.*

164,000 کەس کەل و پەلەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە و زیاتر لە 49,000 کەس ڕاوێژکردنە تەندروستیەکانیان وەرگرتووە.

هەڵسەنگاندنەکان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خۆراك و ئاوی خاوێن و چاودێری تەندروستی بریتین لە بەپەلەترین پێویستیەکان لە نێوان دانیشتوانی هاوولاتی. کاروانەکانی ئەم دواییەی هەڵسەنگاندنەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە داوایەکی گەلێك زۆر هەیە بۆ خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بۆ نموونە، لە نۆرینگەی تەندروستی ئەل زەهرا لە ڕۆژهەلاتی موسڵ لە ئێستادا ڕاپۆرت دەکات کە زیاتر لە 1,000 ڕاوێژکردنی پزیشکی ڕۆژانە هەبوون. لە زۆربەی لادێیەکان، کۆمەکیەکانی کارەبا و ئاو لە بارێکی خراپ دابوون، و لەو شوێنەی کە بازاڕەکان ڕێگاکانی بازرگانی کارا پچڕابوون، و دابین کردنی کەل و پەلەکان بۆ فرۆشتن کەمدەبنەوە.

هاوکارانی کاروباری مرۆیی بانگەشەی هەموو لایەنەکانی ئەم ململانێیە دەکەن بۆ پابەندبوون لە ژێر یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

### نەبوونی ئەمن و ئاسایش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی هاوکاری بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان

زیاتر لە 1 ملیۆن کەس دەخەملێندرێن کە دەستیان پێناگەێندرێت لە ناو شاری موسڵ، بۆ خۆ نیشتەجێکردن لە دووری شەڕەکەوە، هەوڵ دەدەن لە ژیاندا بمێننەوە یان بەو هیوایەن کە ڕابکەن. ئەو کەسانەی کە گیریان خواردووە لەو ناوچانەی کە ئەمن و ئاسایشیان لێ نیە ناتوانن دەستیان بە هاوکاری مرۆیی بگات. هاوکارانی کاروباری مرۆیی بانگەشەی هەموو لایەنەکانی ئەم ململانێیە دەکەن بۆ پابەندبوون لە ژێر یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هاوولاتیان و دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ئەوان دەتوانن دەستیان بە هاوکاری بگات. پاراستنی هاوولاتیان دەبێت گرنگتر بێت لە ئۆپەراسیۆنەکان لەسەر هەردوو لای بەرەکانی شەڕ و دەبێت ببێتە چەقی پلاندانانی سەربازی. کۆمەکی فریاگوزاری دەبێت ڕێگەی پێبدرێت بچێتە ژوورەوە بۆ ناو ناوچەکانی ململانێ و دەستی بگات بە هاوولاتیان، و لایەنەکان دەبێت دڵنیایی ئەوە بدەن کە هاوولاتیان دەتوانن ناوچەی ململانێ بەجێبێڵن بۆ ناوچە ئارامترەکان.

## نەبوونی ئەمن و ئاسایش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاوارەبوونی تازە لە کەرکوك

**بە دەیان و هەزاران کەس لە توندوتیژی بەردەوام لە قەزای حەویجەوە ڕادەکەن**

ئاوارەبوون لە حەویجە لە کەرکوك بەردەوامی هەیە، لەگەڵ تۆمارکەری بەدواداچوونی تەنگەتاوی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی کە زیاتر لە 50,000 ئاوارەی تۆمارکردووە لەوەتەی مانگی ئابەوە لەم ساڵ کاتێك ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ناوچەکە چڕتربوویەوە. ڕاپۆرت کراوە، کە زۆربەی خێزانەکان لە حەویجە بە پیادە ڕادەکەن، گرتنە بەری گەشتە پڕ مەترسیەکان و ڕۆیشتن بە پیادە بۆ ماوەی زیاتر لە 36 کاتژمێر بۆ گەیشتن بە شوێنێکی ئارام. نزیکەی نیوەی ئاوارەکان، 26,000 کەس، لە کەرکوك نیشتەجێ دەبن، بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ خێوەتگەکانی ئاوارەبوون لە ( داقوق و لەیلان و نەزراوە) لەوکاتەی 16,000 کەس بەدوای شوێنێکی ئارام گەڕاون لە سەلاحەددین. لە خراپترین حالەتێکدا، هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەیخەملێنن کە چڕبوونەوەیەکی زیاتری ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی حەویجە لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاوارەبوونی زیاتر لە 100,000 کەس و خراپترکردنی پێش وەختەی بارودۆخە خراپەکانی مرۆیی.

زۆربەی خێزانەکان لە حەویجە بە پیادە ڕادەکەن، گرتنە بەری گەشتە پڕ مەترسیەکان و ڕۆیشتن بە پیادە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٦ کاتژمێر بۆ گەیشتن بە شوێنێکی ئارام.




**ئاوارەبوون لە حەویجەوە.** سەرچاوە: دەسەڵاتداران و هاوکارانی کاروباری مرۆیی. ژمارەکانی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی

### ڕاپۆرتەکانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بە خۆبەخشانە

زیاتر لە 6,000 کەس بە زۆرەملێ لە کەرکوك وەدەرنراون لە نێوان 22 و 26ی مانگی تشرینی یەکەم، بە گوێرەی ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، UNHCR. دوابەدوای هێرشێکی چەکداری بۆ سەر شاری کەرکوك لە ڕۆژی 21ی تشرینی یەکەم، نامەی ئاگادارکردنەوەی گەڕاندنەوە و دەرکردنی هاوولاتیان دەرچوو لە سەلاحەددین و ئەنبار و دیالە، بەمەش کۆی ژمارەی گەڕاندنەوەی بەزۆرەملێ

و ئاوارەبوونی دووەم جار لە کەرکوك لەوەتەی مانگی ئەیلول گەیشتوتە 26,000 کەس، بە گوێرەی ڕاپۆرتی هاوکارانی کاروباری مرۆیی. لەوەتەی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم، دەرکردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیان کردووە. هەرچەندە، ڕاپۆرتەکان هەن لەبارەی ئەوەی کە بەڵگەنامەکانی ناسنامە بەردەوام دەستی بەسەردا دەگیرێت، سنورداركردنی ئازادی لە جولانەوەی هاوولاتیان.

## زۆربەی خێزانەکان لە ماوەی ئاوارەبوونیان دووچاری وەرزی زستان دەبنەوە

**کەش و هەوای سارد دەبێتە بارگرانیەك بۆ ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانی خۆیان ڕادەکەن**

زستان زۆر بە خێرایی نزیك دەبێتەوە، لەگەڵ خۆشی پلەی ساردتر دەهێنێت کە دێتە ژێر پلەی سفری سلیزی، بەتایبەتی لە باکوری عێراق. لەو 3.1 ملیۆن ئاوارەی تەواوی وولات، ئەوانەی کە لە خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن و ئەوانەشی کە لە ئامادەکاریەکانی پەناگەی خراپدان وەکو باڵەخانە تەواونەکراوەکان یان گشتیەکان بە شێوەیەکی تایبەت بەهۆی سەرماوە زیانیان پێدەگات.

لەو ٣,١ ملیۆن ئاوارەی تەواوی وولات، ئەوانەی کە لە خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن و ئەوانەشی کە لە ئامادەکاریەکانی پەناگەی خراپدان وەکو باڵەخانە تەواونەکراوەکان یان گشتیەکان بە شێوەیەکی تایبەت بەهۆی سەرماوە زیانیان پێدەگات.

بەرجەستەبوونی نەوت بۆ گەرمکەرەوە بۆ خێزانە ئاوارەکان زۆر گرنگە. لە ڕێگەی سیستەمی دابەشکردنی گشتی، حکومەت بەرمیلی نەوت لە ماوەی وەرزی زستان بۆ خێزانەکان دابین دەکات. هەوڵەکانیش بەردەوامیان هەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ئاوارانەی کە بەم دواییە تۆمارکراون لەسەرانسەری وولات بۆ ئەم دابەشکردنی گشتیە، بۆ وەرگرتنی بەرمیلەکانی 20 لیتری گالۆنی سووتەمەنی، بە پشت بەستن بە شوێنەکانیان و شوێنی کۆگا کە بۆیان بەرجەستەکراوە.

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، حکومەت و هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەستیان کردووە بە دابەشکردنی کەل و پەلەکانی وەرزی زستان بۆ خێزانە ئاوارەکانی کە لە ناو خێوەتگەکان و ئامادەکاریەکانی پەناگەی خراپدا ژیان دەگوزەرێنن. کەل و پەلە زۆر گرنگەکانی وەرزی زستان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی زیاتر لە 500,000 کەس کە پێش وەختە لە وولاتن یان لە ڕێگادان. هاوکارانی کاروباری مرۆیی هەوڵدەدەن کە یارمەتی نزیکەی 1.2 ملیۆن ئاوارە بدەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سەرماکە بە دابەشکردنی بەتانیەکان، فەرشە گەرمەکان، مافورەکان و قوماش و گەرمکەرەوەکان و سووتەمەنی، بۆ تەواوکردنی دابەشکردنەکانی حکومەت. هەندێك لەو خێزانەنی کە زۆر زیانیان پێگەیشتووە ئەوانیش جل و بەرگە گەرمەکان و پێڵاوەکان وەردەگرن و پارەش وەردەگرن یان هاوکاری کردنیان بە پسوولە لەو شوێنەی کە دەکرێت دەستیان بە بازارەکان بگات. سەرچاوەکان ڕێگەدەدەن، بە چەسپکردنی گەرم کەرەوەی سەلامەت و گەرمکەرەوەی کارەبایی لە ناو خێوەتگەکان بۆ دابین کردنی ئاوی گەرم بۆ شوشتن و ئەویش لەبەرچاوگیراوە.

## زیاتر لە 130,000کەس دەگەڕێنەوە بۆ فەللوجە

**زۆربەی ئەو کەسانە ماڵەکانیان بە ڕووخاوی دەبیننەوە یان پێویستیان بە هاوکاری کۆمەکی فریاگوزاری مرۆییە**

نزیکەی 133,500 کەس گەڕاونەتەوە بۆ فەللوجە و دەوروبەری لە ئەنبار لەوەتەی زیادبوونی گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی. هەروەها خێزانەکانیش بەردەوامن لە گەڕانەوە بۆ ڕومادی لەگەڵ زیاتر لە 216,000 کەس کە تاکو ئێستا گەڕاونەتەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان بە ڕووخاوی یان بە تێکشکاوی بینیوەتەوە، و لە ڕەشماڵەکان ژیان دەگوزەرێنن، لەگەڵ خزمان نیشتەجێ دەبن، یان لە بەشێکی بچووکی خانووەکانی ئەوان ژیان دەگوزەرێنن کە ئەم ڕێگایەش هێشتا کارایە و ئارامە.

هەندێك لەو خێزانانەی کە زۆر زیانیان پێگەیشتووە ئەوانیش جل و بەرگی گەرم و پێڵاوەکان وەردەگرن و هاوکاری پارەی کاش یان پسوولە وەردەگرن لەو شوێنەی کە دەستگەیشتن بە بازارەکان بەرجەستەکراوە.




سەرچاوە: بەدواداچوونی تەنگەتاوی تۆمارکەری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەربە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی

لە فەللوجە، خێزانەکان گەڕاونەتەوە ماڵەکانی خۆیان لە بەشی باکوری شارەکە، کە لەوەتەی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم دەتواندرێت دەستی پێبگەیندرێت. گەڕانەوەی ئاوارەکان پێشبینی دەکرێت لە بەشەکانی تری شارەکە کاتێك نۆژەنکردنەوەی زێراب و ژێرخانی کارەبا تەواودەبێت. ئەو خێزانانەی کە دەگەڕێنەوە پێدەچێت پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی بێت بۆ داهاتوویەکی پێشبینیکراو هەروەك زۆربەی گەڕەکەکان بەتەواوی خاپووربوون و تاکو ئێستا لە بۆمبە چێندراوەکان پاك نەکراونەتەوە. پلانەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هەردوو شاری فەللوجە و ڕومادی لە ڕێگادایە، بەڵام بەرەوپێشچوون تیایدا ماماناوەندە بەهۆی نەبوونی ئامێر بۆ لابردنی زبڵ و خاشاك و هاوشێوەی بوونی بۆمبە چێندراوەکان لەو شارە. لەو کاتەی کاری دووبارە بنیاتنانەوە بەردەوامە، هاوکارانی کاروباری مرۆیی پلان دادەنێن بۆ چەسپ کردنی یەکەکانی کە پێك دێن

لە فەللوجە بەرجەستەبوونی خۆراك لە بازارەکان هێشتا نزمە، و خەڵکی ڕاپۆرت دەکەن کە پشت دەبەستن بە ستراتیجیەکانی خۆگونجاندنی تەنگەتاوی

سەردانمان بکەن لەسەر
هێلی ئینتەرنێت

تیایدا لەوانە ڕەشماڵێك، تانکیەکی ئاو و پێداویستیە زۆر پێویستەکانی چێشتلێنان لە ناو خانووەکان کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە.

نرخەکانی کەل و پەلی خۆراکی سەرەکی لە ئەنبار کەمبۆتەوە بە 15 لەسەدا لە مانگی ئاب، بە گوێرەی شیکاری هەژاری و یەکەی نەخشەدانانی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی. هەرچەندە، لە فەللوجە بەرجەستەبوونی خۆراك لە بازاڕەکان هێشتا نزمە، و خەڵکی ڕاپۆرت دەکەن کە پشت دەبەستن بە ستراتیجیەکانی خۆگونجاندنی تەنگەتاوی وەکو کەمکردنەوەی ژمارەی ژەمەکان ڕۆژانە یان کەمتر کڕینی خۆراکە خوازراوەکان. خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان لە شوێنەکە داهەن، بەڵام خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆ نموونە بە شێوەیەکی فراوان دابین کراون لەلایەن نۆرینگە گەڕۆك و جێگیرەکان هەروەك نەخۆشخانە تەنها بەشێکی کارایە. زۆربەی قوتابخانەکان لە ناو شارەکە زیانیان پێنەگەیشتووە. لە ناوچەی فراوانترەوە، هاوکارانی کاروباری پەروەردە 100 قوتابخانەیان نۆژەنکردۆتەوە لە ناو هیت و خالدیە و ڕومادی. دەسەڵاتدارانی حکومی داوایان لە مامۆستاکان کردووە بگەڕێنەوە بۆ ئەنبار، بێجگە لەوانەی کە خانووەکانیان ڕوخاون، و داوای داخستنی قوتابخانەکانیان کردووە لەناو خێوەتگەکان، بۆ هاندانی خێزانەکان تاکو بگەڕێنەوە.

زیاتر لە 85,000 کەس کە لە فەللوجە لە مانگی ئایار و حوزەیران لەم ساڵ ئاوارەبوون هێشتا لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی عامریەی ئەل فەللوجە، خالدیە و شاری گەشتیاری حەبانیە نیشتەجێن، لەو شوێنەی کە هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە دابین کردنی هاوکاری.

## داواکاریەکان زیاد دەکەن کاتێك قەیرانەکە قوڵدەبێتەوە

**ئۆپەراسیۆنی مرۆیی بریتی یە لە یەکێك لە گەورەترین و ئاڵۆزترین قەیرانەکان لە جیهان**

نزیکەی سێ ساڵ دوای ئەوەی داعش یەکەم جار کۆنترۆڵی چەند بەشێکی ئەنباری کرد لە کانوونی دووەمی 2014، قەیرانەکە لە عێراق بە شڵەژاوی دەمێنێتەوە و ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی بریتی یە لە یەکێك لە گەورەترین و ئاڵۆزترین قەیران لە هەموو جیهان. لەگەڵ ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان کە لە ساڵی 2016 چڕبۆتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە زیادی کردووە بۆ 11 ملیۆن کەس بەگوێرەی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان. هاوکاری مرۆیی بە باشی پاڵپشتی دارایی کراو و کاریگەر و بنەمادار بەردەوام زۆر گرنگ دەبێت لە ساڵی 2017، و هاوکارانی کاروباری مرۆیی چاودەخشێننەوە بە پێویستیەکانی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ ساڵی داهاتوو.

ئەو قەبارە و ماوەیەی کە پێویستە – و لەگەڵ تێچووەکەی بەهاناوەچوونی مرۆیی بڕیاری لەبارەیەوە دەدرێت بەگوێرەی ئاستی خاپووربوونی ژێرخانی مەدەنی، پیسبوون بەهۆی تەقەمەنیەکان و بۆمبە چێندراوەکان، و کە دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی ئاوارەبوون.

داوای بەپەلە بۆ موسڵ، لە مانگی تەموز دەرچوو بۆ خێراکردنی هەوڵەکانی ئامادەکاری پێش دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، 236 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، یان 83 لەسەدای 284 ملیۆن دۆلاری داواکراو. بۆ بەهێزکردنی توانای هاوکاری کردنی هێلی کۆمەکی سەرەکی و ڕزگارکردنی ژیان، هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەگەڕێن بەدوای پڕکردنەوەی بەخشینێکی بەهاناوەچوونی بەپەلە لە ڕێگەی سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی بۆ یەکەکانی ڕاتەکانی دەروونی مەیدانی؛ یەکەکانی دایکایەتی مەیدانی؛ پردێکی گەڕۆك و هاوکاری بۆ چالاکیەکانی وەرزی زستان و شوێنە تەنگەتاویەکان. لە کۆتاییشدا، ئەو قەبارە و ماوەیەی کە پێویستە – و لەگەڵ تێچووەکەی بەهاناوەچوونی مرۆیی بڕیاری لەبارەیەوە دەدرێت بەگوێرەی ئاستی خاپووربوونی ژێرخانی مەدەنی، پیسبوون بەهۆی تەقەمەنیەکان و بۆمبە چێندراوەکان، و کە دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی ئاوارەبوون. پلانی کاری هەرە لەپێشینەی بەهاناوەچوونی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی 2016 لەسەدا 80ی وەرگرتووە، یان 688 ملیۆن دۆلارلەو 861 ملیۆن دۆلارەی کە پێویستە بۆ هاوکاری کردنی 7.3 ملیۆن عێراقی زیان بەرکەوتوو. هەرچەندە داواکەی عێراق بریتی یە لە یەکێك لە بەرزترین داوایە مرۆییەکان بۆ پاڵپشتی کردنی دارایی لە هەموو جیهان، بۆشاییە گەورەکان لە سەرانسەری هەموو کەرتەکان بوونیان هەیە، بەشێوەیەکی زۆر تایبەت لە گروپەکانی پەناگە، تەندروستی و پەروەردە.

**ئاستی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ پلانی بەهاناوەهاتنی مرۆیی عێراق لە ساڵی 2016**

**$688 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە پاڵپشتی دارایی وەرگیراوە**

**173ملیۆن دۆلار** کورت دەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی **پێویستیە مرۆییەکان**




سەرچاوە: http://fts.unocha.org ، ڕەنگدانەوەی پاڵپشتی دارایی ڕاپۆرتکراو لەسەر خزمەتگوزاری بەدواداچوونی پاڵپشتی کردنی دارایی هەروەك لە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ هەموو هاوکارانی مرۆیی، لەوانە کۆمەك بەخشان و ئاژانسەکانی وەرگر، هاندراون کە بە خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی ئۆچا ڕابگەیێنن لە ڕێگەی ماڵپەڕی (خزمەتگوزاری بەدواداچوونی دارایی - http://fts.unocha.org ) لە پارەی کاش و بەشداری کردنەکانی تر لە ڕێگەی ئیمەیڵ کردن بۆ fts@un.org.

### سندوقی بەکۆمەڵ پێویستیە زۆر گرنگەکان و بەهاناوەچوونی ڕزگارکردنی ژیان دەکاتە ئامانج

لە ئامادەکاری بۆ ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی موسڵ، سندوقی بە کۆمەڵی مرۆیی عێراق نزیکەی **41** ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە و سەرفکردووە بۆ هاوکاری کردنی چالاکیەکانی ئامادەکاری بۆ موسڵ. بنیاتنان لەسەر گلدانەوەیەکی زووتری بڕی **4.25** ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ دانانی پێش وەختەی کۆمەکیەکان، ئەمەش یارمەتی هاوکارانی کاروباری مرۆیی دەدات تاکو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دابنێن پێش دەستپێکی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر موسڵ و تواناپێدان بۆ دابین کردنی هاوکاری بەپەلەی ڕزگارکردنی ژیان بۆ خێزانەکانی کە بەهۆی جەنگەوە ئاوارەبوون. بڕی **8.9** ملیۆن دۆلاری تر لە دووەمین تەرخانکردنی ستاندەر لە مانگی ئەیلول تەرخانکرا بۆ کارە هەرە لەپێشینەکانی پێویستیەکانی کە پاڵپشتی دارایی کەم کراون لە پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی **2016**.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
ئیڤۆ فرێجسن، سەرۆکی نووسینگە، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە freijsen@un.org
سێسیلیا ئەتیفۆڕس، بەرپرسی کاروباری مرۆیی، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە attefors@un.org, Tel. (+964) 751 135 2880
کەیت پۆند، بەرپرسی ڕاپۆرتکردن، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، pond@un.org, Tel. (+964) 782 780 6086

OCHA humanitarian bulletins are available at www.unocha.org/iraq | www.unocha.org | www.reliefweb.int